# دووڕیان و بڕیار:

## چەند سەرنجێک لەسەر پێدراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە پۆست-شکستدا

بورهان أ. یاسین

٢٠١٨/١/١٠

# ناواخن

پێشگوتار ---------------------------------------- ٣
زەمینلەرزە سیاسییەکەی ریفراندۆم ------------ ٣
هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ------------------------- ٦
دەرکەوتنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ ---------- ١٣
دەرەنجام ---------------------------------------- ١٦

## پێشگوتار

ریفراندۆمەکەی ٢٥ی سیپتەمبەری پار و روداوەکانی دواتر، بە تایبەتی ١٦ی ئۆکتوبەر، زەمینلەرزێکی گەورە، فرەڕەهەند و کاریگەر بوو. ئەم رووداوانە بەر لە هەر شتێک هاوکێشە سیاسییەکانی گۆڕی، چ لە ئاستی ناوەوەی هەرێم، پەیوەندییەکانی هەرێم و عێراق، هەرێم و هێزە ناوچەییەکان.

ئەم نوسراوە هەوڵێکە بۆ تۆمارکردنی هەندێ سەرنج و تێبینی و لە و جێگایانەی پێویستیشە پەنجەخستنە سەر هەندێ کێشە و شێوازی چارەسەریان.

## زەمینلەرزە سیاسییەکەی ریفراندۆم

شکستەکەی ریفرادۆم، وە بە تایبەتی هەرەسەکەی ١٦ی ئۆکتوبەر و لەدەستدانی نیوەی خاکی کوردستان و دەرهاوێشتە سیاسی و ئابووری و سایکۆلۆژییەکانی ئەم شکستە تەکانێک بوو لە ناخی فەرمانڕەوایی و کۆمەڵگای کوردەواریدا. دەریشکەوت کە ئەم فەرمانڕەواییە لە هیچ نەدەچوو تەنها لە ئیمبراتۆریەتێک نەبێ کە "لەسەر لم بونیادنراوە" و دەسەڵاتێکی کرمی و کلۆڵە.

بە هەر حاڵ، دوور لە هەموو دەرکەوتە نێگەتیڤ و تراژیدیاوییەکانی ئەم رووداوانە، دواجار ئەم شکست بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم رووداوانە دەروازەیەکی سیاسیشی بۆ بزاڤی گۆڕان و هێزە چاکسازخوازەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە. لە راستیدا ئەم رووداوانە تەنانەت بوون بە دەرفەتێکی گەورەش بۆ کۆمەڵ و بزاڤی گۆڕان کە تیایدا بەبێ دوودڵی ئەو بڕیارە (یا راستتر بڵێین ئەو بڕیارانە) بدەن کە دەمێک بوو پێویست بوو بیاندەن. ئەم بڕیارانە، لە پێش هەمووشیانەوە بڕیاری کشانەوە لە حکومەت، تەنها چاوەڕوانی کاتی گونجاویان دەکرد، کە ئەمەش بۆ خۆی، واتە **کاتی گونجاو**، مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگە لە بڕیار و کاری سیاسییدا، بە چەند سەرنجێکەوە:

١) بڕیاری کشانەوە لە حکومەت: لە ڕاستیدا بە پێی بۆچوونێک هەر لەگەڵ ڕووداوەکەی ١٢ ئۆکتۆبەری ٢٠١٥دا پێویست بوو گۆڕان لە حکومەت بکشێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بزاڤەکە بژاردەی مانەوەی هەڵبژارد، وە بەم مانایەش **بژاردەی کشانەوەی لە حکومەت هەڵگرت بۆ کاتێکی گونجاو و لەبار.** لەگەڵ ئەوەشی مانەوە لەو هەموو ماوەیەدا، واتە لە ١٢ی ئوکتۆبەری ٢٠١٥ تا دوای ١٦ی ئوکتۆبەری ٢٠١٧، بژاردەیەکی کەم کێشە و "ئیشکالیەت" نەبوو وە کۆمەڵیک ڕەخنەشی هێنایە سەر بزووتنەوەکە، بەڵام خۆشم باوەڕم بەو تەفسیرەیە کە تێگەیشتنی گۆڕان بۆ حاڵەتەکە ئەوەبوو کە ئەوەی پارتی کردی بەرامبەر ئەم بزووتنەوەیە بەر لە هەر شتێک شەڕی ئیرادە بوو وە لەم سونگەشەوە ناکرێ گۆڕان هەروا بە ئاسانی تەسلیمی ئیرادەی کودەتا ببێ، واتە مانەوەی شێوازێک بوو لە ڕێگری لەوەی کە **کودەتاکە هەر زوو بگا بە تەواوی ئامانجەکانی؛**
٢) مانەوە، یا ڕاستتر بڵێین نەکشانەوە بە تەواوەتی لە حکومەت، پەیوەندیدار کرا بەوەی کە کورد لە شەڕێکی سەخت دایە بەرامبەر بە داعش، وە بۆ ئەوەشی ئەوە وەک ڕاکردن لە بەرپرسیاریتی نەخوێنرێتەوە، کەواتە کشانەوە بۆ کاتێکی تر، وە باشریش بۆ دوای کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە، دوابخرێت؛
٣) **بژاردەی حکومەتی ڕزگاری نیشتمانی:** بە باوەڕی خۆم ئەم هەنگاوە باش و پێویست بوو، بەڵام یەکەم، کەمێک دواکەوت، وە دووەم، کاتێکی زۆر درایە لایەنی دەسەڵاتدار (نەک هەر کاتێک بەڵکو کاتێکی زۆر زێڕین) کە تیایدا حکومەت توانی هەندێک بێتە سەرخۆی، زۆر بە تایبەتیش "پشتگیری" ئەمریکییەکان و ڕۆژئاواییەکان بەدەست بهێنێتەوە و وەبەرهێنانی سیاسی لە ئەم پشتگیریەشدا بکا و بیشیکات بە بەهانە و فاکتەری مانەوەی خۆی. بەندە پێم وایە ئەو پڕۆژەیەی کە گۆڕان و کۆمەڵ دایان بە دەسەڵاتداران، زۆر بە تایبەتی بە لایەنی پارتی، پێویست بوو لەم کاتە زێرینەدا تەنها ماوەیەکی کورت، بۆ نموونە ٧٢ کاتژمێر، یا کاتێکی کورتی لەم جۆرەی بۆ دیار بکرێ، نەوەک کەم یا زۆر کاتێکی **بێ کۆتایی و دیارنەکراو** و دواتر دیسانەوە پارتی نەک هەر بە ناشایستەیی وەڵامی پڕۆژەکە باتەوە، بەڵکو وەک هەر جار بە لوتبەرزییەکی زۆرەوە پڕۆژەکە بێ وەڵام بهێڵێتەوە.

به هەر حاڵ، دوای ئەوە گۆڕان و کۆمەڵ هیچ بژاردەی تریان بۆ نەمایەوە تەنها ئەوە نەبێت کە هەنگاوی تر بهاوێژن.

بە تەقدیری خۆم دەکرا پێشتر، زۆر زووتر گۆڕان و کۆمەڵ دەستیان بۆ بژاردەی بەدیل ببردایە، لەگەڵ ئەو سەرنجەشی ئەم بۆچوونەم لەسەر زانیارییێکی زۆر سنووردار بونیاد دەنێم و دەکرێ بەم پێیەش ئەم بۆچوونە زۆر دەقیق نەبێت.

ئێستا دوای ئەم هەوڵ و پرۆژە و دەرفتدانە بەم دەسەڵاتە، باوەڕم وایە هیچ نەماوەتەوە تەنها ئەوە نەبێت کە ئیتر هەموو لایەک دەبێ بگەنە ئەو باوەڕەی کە ئیتر ئەم دەسەڵاتە هی ئەوە نییە **هیچ هیوایەکی لەسەر هەڵچنرێ و توانای هیچ چاکسازییێکی ریشەیی نییە؛**

٤) لە دوای ١٦ی ئۆکتوبەرەوە مەسەلەی رێککەوتنی هەولێر و بەغدا بە توندی بوو بە ئەجێندایەکی هەنووکەیی، بەڵام هەر وەک لە نووسراوێکی پێشترمدا ئەوەم جەختکردۆتەوە کە ئەم حکومەتەی کە ئێستا فەرمانڕەوایی بەدەستەوەیە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت لەسەر بنچینەی دەستوری عێراق و شەفافیەت لە هەموو فایلەکاندا، بە تایبەتی مەلەفی نەوت، لەگەڵ بەغدا رێک بکەوێ.[1] ئەمەش لەبەر هۆییێکی زۆر سادە: لە ساڵانی رابردوودا ئەم حکومەتە و حکومەتەکەی پێشتر، هەرێمی کوردستانی خستۆتە وابەستەییێکی ئابووری مەترسیدار لەگەڵ تورکیا و کۆمپانیا نەوتییەکان، کە هەرگیز ئەم وابەستەییە رێگە بەم حکومەتە نادات کە بە شێوەیەکی کراوە و لەسەر رێچکەی کۆمەڵێک یاسا و رێسا و شەفافبوون لەگەڵ بەغدا رێکبکەوێ. ئێستاش، هەر وەک لە وتارێکی پێشوترمدا جەختمکردۆتەوە، حکومەتی هەرێم، دیارتر بڵێین نێچیرڤان بارزانی، هەموو هیوایەکی لەسەر تورکیا هەڵچنیوە وە هەر کاتێک تورکیا ئامادەیی پیشاندا بۆ گەڕانەوە بۆ پەیوەندییەکانی پێشوتری لەگەڵ هەرێم، ئەوا ئەو کاتە بەبێ دواکەوتن جارێکی دیکە نێچیرڤان بارزانی بە ئەگەری زۆر روو لە ئەنقەرە و پشت لە بەغدا دەکاتەوە،[2] گەرچی هەرێم لە هەموو حاڵەتێکدا نە دەتوانێ بەو ئاسانییە بگەڕێتەوە هەمان پەیوەندییەکانی

[1] بڕوانە "کاتێک سیاسەتی فرتوفێڵ کاریسە قوڵتر و هەڵدێریش مەترسیدارتر دەکات"، ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧،
http://burhanyassin.com/Siyaseti%20Firtufell%2011.2017.pdf

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

پێشووی لەگەڵ ئەنقەرە وە بەو ئاسانییە دەتوانێ لەو وابەستەییەی رزگاری ببێت: خواست شتێکە بەڵام پێدراوەکانی واقیع شتێکی ترە. پێدراوەکانی دوای ١٦ی ئۆکتوبەر تەواو جیاوازن لە پێدراوەکانی پێش ١٦ی ئۆکتوبەر، بە تایبەتی لە رووی ئابوورییەوە. پێم وایە هەر ئەم جۆرە خوێندنەوەیەیە، واتە بوونی ئەو باوەڕەی کە ئەم حکومەتەی ئێستا ناتوانێت لەگەڵ بەغدا بگا بە رێککەوتنێکی گشتگیر چونکە ناتوانێ لە وابەستییەکەی لەگەڵ ئەنقەرە و کۆمپانیا نەوتییەکان رزگاری ببێت، ئیتر بەبێ دواکەوتن پێویستە کار بۆ جێگرەوە (بەدیل)ی ئەم حکومەتە بکرێ.

بەم مانایەش بڕیاری سێ لایەن (گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی دیمۆکراسی و دادپەروەری) کە بە شاندێک سەردانی بەغدا بکەن، بڕیارێکی دروست بوو، گەر چی دیسانەوە کەمێکیش دواکەوت. هەر ئێرەش دەرفەتێکە بڵێین تەنها رووداوەکانی دوای ریفراندۆم رێگا خۆشکەر نەبوون بۆ چوونی ئەم شاندە بۆ بەغدا، بەڵکو بە رادەی ئەم رووداوانە ئەو گۆڕانکارییەی کە خەریکە بەسەر تەواوی کوردایەتییەکەی باشووری کوردستاندا دێت، کە زۆر بە سادەیی دەخوازێ بڵێ "چیتر ناکرێ خەڵکی کوردستان لە رێگای خدۆکەدانی هەست و نەستی نەتەوەیی بکرێن بە ئامرازێک لە دەستی کۆمەڵێک سەرکردەی مافیائاسا"، گرنگ بوو؛ بەم واتایەش هێزگەلێکی سیاسی لە باشووری کوردستان دەتوانن نزیکتر بن لە هێزگەلێکی چاکساز و دیمۆکراتخواز لە بەغدا لەوەی لەگەڵ هەندێک هێز لە کوردستان کە نەک هەر سالآنێکە بە ناوی کوردایەتییەوە خەریکی تاڵانکردنی کوردستانن، بەڵکو بگرە بە هەندێک سەرکێشی سیاسی، وەک ئەوەی ریفراندۆم، ئامادەن تەنانەت کەشتی خەڵکی کوردستان بە تەواوەتی نغرۆی ژێر دەریاییکی قوڵ بکەن لە پێناو دەسەلآت و چاوبرسییتی و گەیشتن بە ئامانجی تاکەکەسی و بنەماڵەیی خۆیان.

## هەڵبژاردنەکانی داهاتوو

وەک دیارە ئەم ساڵە ساڵی هەڵبژاردنەکانە وە دەکرێ بە زۆر پێوەر هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەیان زۆر لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو جیواز بێت، تەنانەت جیواز لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ش کە تیایدا سەرکەوتنی گۆڕان بوو بە زەمینلەرزەیەکی سیاسی پڕ مانا. بە کەمترین رادەی پاکی و بێگەردی لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا دەکرێ گۆڕانکارییێکی گەورە، بگرە ریشەییش، بەسەر نەخشەی سیاسی باشووری کوردستاندا بێت. جگە لەوەی کە هەر نەبێ دوو هێزی سیاسی نوێ (نەوەی نوێ و هاوپەیمانی) دەکەونە ناو رکابەری هەڵبژاردنەکان و ئەم دوو هێزەش هەر یەک بەش بە حاڵی خۆی دەنگ ئەهێنن، بەڵام گرنگیش ئەوەیە هەر لە ئێستاوە ئەوە بڵێین کە لەم هەڵبژاردنانەدا یەکێتی بە رادەیەک بچووک دەبێتەوە کە ئیتر زۆر بە کەڵکی مانەوەی پارتی نامێنێت: نەهێنیش نییە گەر بڵێین باڵادەستی پارتی تەنها هی هێزی خۆی نییە، بەڵکو هی **پشتگیری و ملکەچیەکەی یەکێتیشە**. بگرە هەندێک بۆچوونیش هەیە کە دەخوازێ رێک و راست بڵێ مانەوەی دەسەڵاتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان وابەستەیە بە پشتگیری یەکێتی لەو حزبە و چوونە ژێر باری سیاسەتەکانی پارتی، هەندێک جاریش "بەبێ مەرج".

مەسەلەیەک کە لەم رۆژانەدا زۆر باس دەکرێ شێوازی هاوپەیمانییەکانە بەر لە هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن لە سێ ئاستەوە: لە ئاستی عێراق؛ لە ئاستی کوردستان؛ لە ئاستی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک. لێرەشدا بە تایبەتی جێگای سەرنجە کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان زۆر بە جەختکردنەوە داوای ئەوە دەکات کە هێزە سیاسییە کوردستانییەکان بە یەک لیست لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەشداری بکەن. لەبەر گرنگی ئەم بابەتە، واتە هەڵبژاردنەکانی عێراق و ئەو بانگەشەیەی پارتی، بەڵام یەکێتیش، دەخوازم لێرەدا چەند سەرنجێک بخەمە روو:

أ) من لەو باوەڕەدام دەمێکە پارتی ئەو هەژمونی و کاریگەرییەی کە لە بەغدا (هەرنەبێ تا ساڵی ٢٠١٣) هەیبوو لە دەستیداوە. لە راستیدا نەک هەر ئەوە بەڵکو پارتی لە ماوەی دوو یا سێ ساڵی رابردوو زیاتر و زیاتر هەستی بوون بە

کەمایەتی و پەراوێزخستن لە بەغدا کردووە،[3] هەر لە تێپەڕاندنی بودجەی عێراقی ساڵی ٢٠١٧ کە پارتی تیایدا هۆڵی کۆبوونەوەی پەرلەمانی جێهێشت و وەک کەمایەتییێکی بێ دەسەلات و پەراوێزخراو و بێ بژاردە دەرکەوت. من ئەم حاڵەتەم لە وتارێکی پێشوومدا بە حاڵەتی کەمایەتییبوونی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥دا چواند.[4] جگە لەوەش پارتی تا ئێستا چەند پێگەیەکی گرنگی لە بەغدا لەدەستداوە، لە هەمووشیان گرنگتر سەندنەوەی متمانە لە هوشیار زێباری، کە ئەمە بە تایبەتی بە خوێندنەوەیەکی سۆشیال-ئەنترۆپۆلۆژیانە ئەزموونێکی تاڵ بوو بۆ شەخسی مەسعود بارزانی و بنەماڵەکەی. . . بە کورتی و بە چڕی، پارتی دەخوازێ لە ڕێگای یەک لیستییەوە، واتە یەک لیستی لە بەغدا، ئەم حاڵەتی بێ دەسەلاتی و کەمایەتییبوون و پەراوێزکەوتن چارەسەر بکات: جارێکی تر بچێتەوە ئەو پێگەی هەیمەنەیەی کە بە ڕاستی لەدەستی داوە، بە تایبەتی ئەم پەراوێزکەوتن و بێ دەسەلاتبوونە لەگەڵ ئەزموونە سەرنەکەوتووکەی ڕیفراندۆم بە ترۆپک گەیشتووە. من پێم وایە کە هێزە سیاسییەکانی تر نابێت بچنە ژێر باری ئەم بانگەشەیە و پێویستە ئەو هێزانە لە بری ئەوەی لاوازبوونی پارتی وەک لاوازی کورد لە بەغدا ببینن، دەبێ وای تەماشا بکەن کە ڕێک ئەم لاوازبوونەیە کە پێویستە بۆ ئەوەی هەژموونی پارتی لە کوردستانیش کەلێنی تێبکەوێ و بێتە ژێر باری ئەوەی کە بە هەر حاڵ بە پێی پێگە پەرلەمانییە ڕاستەقینەکەی خۆی، واتە پارتی، لە کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تر بکا و لە کۆی خەملاندن و ڕێکخستنی دەسەلاتیشدا بەم پێیە هەڵسوکەوت بکات. چیتر ناکرێ خەڵکی کوردستان لە ڕێگای گوتارێکی چەواشەکاری کوردایەتییەوە ئەم هەژموونییەی پارتی قەبووڵ بکەن، کە لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم حزبە لە بەکاربردنی ئەم گوتارە بێبەش و بێ کاریگەری بکرێت،

---

[3] هەر وەک لە دەرفەتی پێشتردا ئەوەم جەختکردۆتەوە کە ریفراندۆمەکەی پارتی و مەسعود بارزانی ڕێک کاردانەوە بوو بەرامبەر ئەو حاڵەتی کەمایەتییبوون و پەراوێزکەوتن وە جۆرە راکردنێکیش بوو لەو حاڵەتە.

[4] هەر وەک لە دەرفەتی پێشتردا ئەوەم جەختکردۆتەوە کە ریفراندۆمەکەی پارتی و مەسعود بارزانی ڕێک کاردانەوە بوو بەرامبەر ئەو حاڵەتی کەمایەتییبوون و پەراوێزکەوتن وە جۆرە راکردنێکیش بوو لەو حاڵەتە.

[4] بڕوانە "٢٣ی حوزەیران، بەڵام ئەمجارەیان لە بەغدا"، ١١ی دیسەمبەری ٢٠١٦:
http://burhanyassin.com/23%20huzeyran%20emcare%20le%20Bexda-12.2016.pdf

ئەوا بە ئاسانی وەهمی باڵادەستی ئەو حزبە تێکدەشکێت؛ شکستەکەی ریفراندۆم و هەرەسەکەی ١٦ی دەرفەتێکی زێڕینی لەم ئاراستەیەدا ئافراندووە. لە لایەکی ترەوە، دەکرێ راستەوخۆ دوای هەڵبژاردنەکان هێزە سیاسییە کوردستانییەکان بکەونە حاڵەتێکی هاوکاریکردنی یەکتر، بەڵام لەسەر بنچینەی پەیرەو پرۆگرامێک کە تیایدا هەر هێزێک بە پێی دەنگەکانی خۆی، نە زیاتر و نەش کەمتر، وە لەسەر بنچینەی هاوبەشییێکی راستەقینە جێگە و پێگەی شایستەی خۆی لەم هاوکارییە وەردەگرێ. مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی هەر هاوکارییێک ئەوەیە کە هەر شێوازێکی هەژمونی هەر هێزێکی سیاسی رەددەکرێتەوە، جا ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەمانی بەغدا **چەند دەبێت با ببێت؛**

ب) من پێم وایە کە ناکرێ بەغدا لە هەولێر جیابکرێتەوە: ناکرێ تۆ لە کوردستان سیاسەتی تۆقاندن و ستەمکاری پیادە بکەیت بەرامبەر زۆرێک لە هێزەکانی تر بەڵام لە بەغدا داوای یەکڕیزی لە هەمان ئەو هێزانە بکەیت! هەر وەک لە ساڵی ٢٠١٠دا وتومە "نابێت لە کوردستان تەنگ بە گۆڕان هەڵبچێنرێت و نانبڕاو بکرێت و لە بەغداش داوای برایەتی لێبکرێت".[5] هەر بۆ تێبینیش لێرەدا دەتوانم بڵێم، پێویست بوو هەرنەبێ کۆمەڵ و گۆڕان زۆر بە وشیاری و کارامەیی ئەم بانگەشەی پارتی بۆ یەک لیستی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، کە زیاتر لەسەر زاری نێچیرڤان هاتووە، بقۆزنەوە و بیکەن بە بنەما بۆ کۆمەڵێک قسە و ئاماژەی زۆر جددی روو لە پارتی: لە کاتێکدا پارتی وەڵامی بانگەشە و پرۆژەکانی ئەم دوو هێزە لە کوردستان ناداتەوە و بە هەموو شێوەیەک، تا رادەی تیرۆر و تۆقاندن و بارەگا سوتاندن... هتد، تەنگیان پێ هەڵدەچنێ، بەڵام لە بەغدا داوای یەک لیستیان لێ دەکات. خەونی پارتی لە هەولێر بێ، لە بەغدا بێ یا لە هەر کوێیەک بێ هەر یەکە: **هێژمونی و باڵادەستی رەها و بە لوتبەرزی مامەڵەکردنی ئەوانی دیکە!**

هەڵبەتە ئەم داوای یەک لیستییە تەنها هی پارتی نییە بەڵکو هی یەکێتیشە، کە بەلایەوە زۆر گرنگە شکستی داهاتووی لە هەڵبژاردنەکاندا لە لیستێکی ئەوهادا

[5] بڕوانە رۆژنامەی *رۆژنامە*، ژمارە ٥٦٧، ٢ی فێبرووەری ٢٠١٠، لاپەرە ٨

حەشار بدات و بشارێتەوە. هەر ئێرەش دەرفەتە بڵێین، پارتی چەندە باوەڕی بە یەک لیستی وەک دەربڕێکی دیمۆکراتییانە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک ئیرادە هەیە، یەکێتیش هەر ئەوەندە. لە ناخی دیدی پارتیدا هاوپەیمانی ئامرازێکە بۆ کۆت و بەند کردنی ئیرادەی ئەوانی تر و لەم ڕێگایەشەوە هێشتنەوە و بەهێزکردنی هەژمونی خۆیەتی. ئەوەتا تەنها چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا مەلا بەختیار، کە نەک لە ناو یەکییتیدا بەڵکو دەتوانم بڵێم لە ئاستی باشووری کوردستانیشدا یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆرترین قسەی لەسەر دیمۆکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و سۆسیال دیمۆکراسی و... هتد کردووە، کەچی بە پێش چاوی هەمووانەوە دەڵی یەکێتی یەک کورسیش بهێنێ هەر دەبێ فەرمانڕەوایی بکات...[6] ئەوەی بەهانەکەی مەلا بەختیار مەترسیدار و سەرهوڕهێنەرتر دەکات ئەوەیە کە ئەو بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەی خۆی باس لە چەکداربوونی یەکێتی دەکات. بە باوەڕی خۆم ئەم قسەیەی مەلا بەختیار جگە لەوەی پێش هەموو کەس و لایەنێک بێڕێزییەکی گەورەیە دەرهەق یەکێتییەکان خۆیان، هێمایەکی ئەوپەڕی مەترسیداریشە لە نادیمۆکراتیبوونی هێزەکانی دەسەڵاتدار و نانیشتمانیبوونی هێزە چەکدارەکان و پشتڕاست کردنەوەیەکیشە لەو بۆچوونەی کە دەڵێ زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان، کە شەڕکەرەکانی دوێنێن، یا وەک خۆیان دەڵێن خەباتکارەکانی دوێنێن، لەو شاخە خەریکی شتێکی تر بوون نەک خەبات لە پێناو ئازادی و دیمۆکراسیدا. بەش بە حاڵی خۆم زۆر جار لە رابردوودا ئەم گومانەم بە نووسین و ئاخافتن هێناوەتە دەنگ، هەر وەک بۆ نموونە لە ماتەمینی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانیدا وتوومە "لە ڕێگای تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانییەوە، هەر وەک پێشتریش لە ڕێگای تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان و ئەوانی ترەوە، ناڕاستگۆییەکی گەورەی زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان یەکالابوویەوە. ناڕەستگۆییەکەش ئەوەیە کە بەردەوام دەسەڵاتدارانی کوردستان، وەکو منەتکردنێک بەسەر خەڵکی کوردستانەوە، بەردەوام پیمان دەڵێن کە ئەوان دوێنێ لە

---

[6] "مەلا بەختیار: چ یەک کورسی بێنین چ 100 کورسی، یەکێتی هەر یەکێتییە"، دیمانەی تەلەڤزیۆنی روداو:
http://www.rudaw.net/sorani/interview/08012018

شاخ ئازادیخوازبوون و ئامادەی هەموو قوربانییەک بوون لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی تاکەکانی ئەم نەتەوەیە..."[7] هەر ئێرەش دەرفەتە بڵێین کە تا لە هەنووکەدا، بە بوێرییێکی زۆرەوە، نیشانەی پرسیار نەخرێتە سەر بە ناو "خەباتی" دوێنێی ئەم جۆرە لە دەسەڵاتداران، ناتوانرێ لە ئەمڕۆی کاری سیاسی و واقیعی سیاسیدا بەرەوڕوویان ببیتەوە: ئەوان "لە ڕێگای داگیرکردنی مێژووەوە مەیدانی سیاسییان داگیرکردووە". لە لایەکی ترەوە، دەبێ لە بەرمابەردا ئەوەش بڵێین کە تا مێژوو لەو جۆرە سیاسییانە نەسەنرێتەوە، ناکرێ باس لە سەندنەوەی مەیدانی سیاسیی لێیان لە ئەمڕۆدا بکرێ! پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر هەرە دیمۆکراتخوازەکانی یەکێتی (مەلا بەختیار و هاوهەڵوێستەکانی) هەڵگری ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە بن ئایا ئەوانی تر، بە تایبەتی "هەڵۆکان" دەبێ بیرکردنەوەی دیمۆکراسی و کەلتوری سیاسی دیمۆکراسیان تا کوێ بڕ بکات. هەر لەبەر ئەوەش ئاسانە بۆ گۆڕان و کۆمەڵ بە مەلا بەختیار بڵێن چ جۆرە یەک لیستیەک وە لە پێناوی چیدا، کاتێک تۆ نزیکبوونەوەت بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە کوردستان بەم جۆرە بێت بەڵام دەخوازی لە بەغدادا بەو پەڕی دیمۆکرات لەگەڵماندا دەرکەویت! دەرفەتی ئەم قسەیە و زۆر قسەی تر هەر ئێستایە و ناکرێ چرکەساتێکیش دوابخرێ و هەڵگیرێ بۆ کاتێکی تر: ڕێک کاتی ئەوەیە بوترێ کلیلی هاوپەیمانی لە بەغدا لە هەولێرە و ڕێگای بەغداش لە هەولێرەوە دەستپێدەکات. ناکرێ لە هەولێر بەردەوام لە ترس و تارمایی و دڵەڕاوکێی شەری براکوژی و دوو ئیدارەییدا بژین، بەڵام لە بەغدا یەکرِیز و هاوپەیمان بین؛

ج) دەکرێ، بەڵکو پێویستیشە، هەر ئێستا و بەبێ دواکەوتن ئەو سێ هێزەی "ئۆپۆزیسیۆن" بە جددی قسە و بگرە کاریش، هەڵبەتە لە نێو خۆیاندا، لەسەر یەک لیستی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بکەن، لەسەر بنچینەی پرۆگرامێکی گشتگیر کە هیچ مەسەلەیەکی نیشتمانی و چارەنووسساز بۆ پارتی و یەکێتی بەجێ ناهێڵێ، پرۆگرامێک کە دواجار بتوانێ ببێتە بنەمای کاری هاوبەش بۆ هەمووان لە بەغدا، کە

[7] "تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی بێدەنگکردنی دەنگی ئازاد و کوشتنی نەتەوەی ئازادە". ئەم وتارە لە کۆڕی ماتەمینی کاوە گەرمیانی لە شاری مالمو – سوید لە ٢٠١٣/١٢/٨ پێشکەشکراوە: http://burhanyassin.com/kawe%20Germyani.pdf

ڕێگا لە هەژمون و سەرکێشی و لوتبەرزییەکانی پارتی و بێباکی و بێڕێزییەکانی یەکێتی بەرامبەر هێزە سیاسییەکانی دیکە دەگرێ. لە لایەکی ترەوە، لەسەر ئەو باوەڕەی کە پارتی بە خەسلەتی خۆی و ئەزموونیش دەریخستوە، هەر کاتێک نەتوانێت لە گەمەیەکی سیاسیدا بالاّ دەست بێت، ئەوا بە هەموو تواناکانی کار بۆ تێکدانی گەمەکە دەکات، پێویستە ئەو هێزانەی کە بیر لە جێگرەوە (بەدیل) بۆ ئەم دەسەلاّتە دەکەنەوە و کار بەو ئاراستەیەدا دەکەن تا بکرێ خۆیان لە گوتاری وروژێنەری ناپێویست (وەک ئەوەی زۆر جار نەوەی نوێ دەیکات) بپارێزن. هەر گوتارێک کە، لە ئێستاوە، ببێتە هۆی هیستیریا و ترس لە لەدەستدانی دەسەلاّت بە تەواوەتی لە لایەن پارتی و یەکێتی، نەک هەر خزمەت بە ئارستەیەکی تەندروست بەرەو هەڵبژاردن و چنینەوەیەکی ئاشتیانەی بەری هەڵبژاردنەکان ناکات، بەڵکو دەتوانێ هەر لە ئێستاوە تەواوی پرۆسەکە بخاتە بەر مەترسییێکی جددیەوە. دەکرێ قسەکەی مەلا بەختیاریش، کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، پشتڕاستکردنەوەیەکی ئەم بۆچوونە بێت، واتە دەربڕی جۆرێک لە هیستریا بێت کە بەم جۆرە گوتارە توندڕەوە وروژێنراوە! بە واتایەکی تر تا بکرێ ئەم راگوزەرە دوور لە وروژاندن، تا ئاستی تۆقان و هیستیریای دەسەلاّت، بەڕی بکرێ وە تا بکرێ بە شێنەیی بگا بە کەناری ئارام؛

د) هەر لە ئێستاوە باس لە یەک لیستی کوردستانی لە کەرکوک دەکرێ. لەم بارەیەوە من پێم وایە دەکرێ هەموو هێزە کوردستانیەکان مامەڵە لەگەڵ کەرکوک وەک **حاڵەتێکی تایبەتی** بکەن لەسەر بنەمای پێویستبوون بە چارەسەرێکی تایبەتی بۆ ئەم حاڵەتە زۆر هەستیار و تایبەتە. باشتر وایە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، لە پێش هەمووشیانەوە کۆمەڵ و گۆڕان، بە پرەنسیپێک کار بکەن وەک ئەوەی لە سیاسەتی جووەکان لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا پیادەکرا: جووەکان لە فەلەستین بەرامبەر بەریتانیا دەجەنگن وەک ئەوەی ئەوان، واتە جووەکان، بە یەکەوە شانبەشانی ئەو وڵاتە بەرامبەر ئەڵمانیا ناجەنگن، بەڵام لە دەرەوەی فەلەستینیش لە هاوپەیمانیدا، لەگەڵ بەریتانییەکان، دژ بە ئەڵمانیا دەجەنگن وەک ئەوەی لە فەلەستین هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ بەریتانییەکاندا نەبێت. بەم مانایەش زۆر جار

هێزی سیاسەت لەوەدایە کە دژەکان لە یەک ستراتیژ و چارەسەردا کۆ بکەیتەوە، لە بری ئەوەی بە جیا و لەسەر بنەمایەی دژایەتی مامەڵە لەگەڵ ئەم دژایەتییانەدا بکەیت. بەشداری هێزە کوردستانییەکان لە کەرکوک جگە لەوەی لە رووی ئەو هێزانەی کە دژ بە کورد (جا چ تورکمانی یا عەرەب بن) لەو پارێزگایە کار دەکەن ئەم یەک لیستی و یەک هەڵوێستییە گرنگە، روو لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کورد لە کەرکوک دیسان گرنگە. بەم یەک لیستییە بە تایبەتی هێزەکانی "ئۆپۆزیسیۆن" بە خەڵکی باشووری کوردستان دەڵێن کە ئەوان ئامادەی هاوکاری و قوربانیدانن لەو جێگایانەی کە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان پێویست بکات. . .

ح) لە ئێستادا هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بوونەتە کارتی مامەڵە پێوەکردن لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە، لە لایەکی تریشەوە هێزە سیاسییەکانی تر، بە تایبەتی ئەوانەی ئۆپۆزیسیۆنن، بە مەترسی و دڵەڕاوکی و گومانەوە لەم مەسەلەیە نزیک دەبنەوە. گومانی تیا نییە کە پارتی کارتی هەڵبژاردن نەک هەر بەرامبەر بە هێزەکانی "ئۆپۆزیسیۆن" بەکار دەبات، بەڵکو بەر لەوانیش تەنانەت بە رادەیەکی زیاتر، بەرامبەر یەکێتیش بەکاری دەبات. بۆ ئەوەی پارتی بە دواخستنی هەڵبژاردن رازیبێت ئەوا پارتی چاوەڕوانی سازشی زیاتر لە یەکێتی دەکات و بە توندی ئەو کارتەش بەکار دێنێ بۆ تێپەڕاندنی مەرامە سیاسییەکانی خۆی. لە لایەکی ترەوە گرنگە کە هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسۆن تەنها لە سۆنگەی پاکی یا ناپاکی لیستی دەنگدەرانەوە لەم مەسەلەیە نزیک نەبنەوە، بەڵکو بەر لە هەر شتێک پێویستە ئاگاداری ئەوە بن کە کارتی **هەڵژاردن** بە توندی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا یاری پێ دەکرێ، جارێکیان بەرامبەر بە یەکتر وە جارێکی تریشیان هەردووکیان بە یەکەوە بەرامبەر بە هێزەکانی دیکە!

## دەرکەوتنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ

دەرکەوتنی نەوەی نوێ وەک هێزێکی تازە لەسەر مەیدانی سیاسی باشووری کوردستان زیاتر لە مانا و دەلالەتێک هەڵدەگرێ، وە بەم پێیەش پێویستە ئەم دەرکەوتنە وەک کەوانەیەکی بچوک و دابڕاو کەم نرخ تەماشا نەکرێ، لەگەڵ

ئەوەشی دەکرێ زۆر تێبینی هەبێ لە شێوازی ئەم دەرکوتنە و شێوازی ئیدارەدانی ئەم هێزە نوێیە، بە تایبەتی شێوازی کارکردنی سەرۆکەکەی، شاسوار عەبدولواحید. بە واتایەکی تر جێگای خۆیەتی کە ئەم دەرکەوتنە، لەگەڵ بوونی زۆر تێبینیش، ببێتە جێگای گرنگیپێدانی هێزە سیاسیەکانی تر، بە تایبەتی ئەو هێزانەی کە خۆیان بە بەرەی دەرەوەی دەسەڵات دەزانن، وە هەر وەها گرنگیپێدانی ئەکادیمیست و رۆشەنبیران. . . من بەش بە حاڵی خۆم ساڵانێکی زۆرە، وەک جۆرێک لە "حەتمیەتی" کۆمەڵایەتی، کولتوری و سیاسی پێشبینی ئەوەم کردووە کە لە داهاتوودا نەوەی "راپەڕین" یا "نەوەی نوێ" (بەو واتایەی ئەوانەی کە لە ساڵی راپەڕین واتە ١٩٩١دا یا لە دەوروبەری ئەو ساڵە لە دایکبوون) دەبێتە هێز و توانستێکی یەکلاکەرەوە، بە تایبەتی ئەگەر هێزە سیاسییەکانی تر توانستی وەڵامدانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەزای کۆمەڵایەتی و نیشتمانییان لەدەستدا، یا هەر نەبێ نەیان توانی لە رۆشنایی گۆڕانکارییەکان و پڕ بە پێستی چاوەڕوانییەکان بجوڵێنەوە. هەر بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەیەکمدا بە ناوی "باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بەرووی داهاتوودا"، کە لە ئۆکتوبەری ٢٠٠٩دا بڵاوبۆتەوە بە روونی باس لە ئەگەری سەرهەڵدانی جوڵانەوەیەکی سیاسی دەکەم کە دەخوازی لە "بزووتنەوەی گۆڕان تێپەڕ بکات" وە بە پێی بۆچوونەکەش کەرستەی کۆمەڵایەتی ئەم جوڵانەوەیە نەوەی راپەڕین (نەوەی نوێ) دەبێت. دواتر لە هەندێ جێگای دیکە باسی ئەوەم کردووە کە نەوەی راپەڕین دەتوانێ ببێ بەو کەرستە کۆمەڵایەتییە دەبێ بە بنەمایەکی گرنگ بۆ "نوێبوونەوەی کوردایەتی".[8] ئێستا کە جوڵانەوەیەک بە ناوی نەوەی نوێوە دامەزراوە دەکرێ ئێرە دەرفەت بێت بۆ تۆمارکردنی چەند سەرنجێک: ١) هێشتان زووە پێشبینی ئەوە بکەین کە ئایا دەرفەتی بەهێزبوونی ئەم جوڵانەوەیە و بوونی بە ژمارەیەکی گرنگ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا چەندە. بەڵام دەکرێ ئەوە بڵێین کە ئەگەر ئەم جوڵانەوەیە دەخوازێ ببێ بە ژمارەیەکی گرنگ لە هاوکێشەی

---

[8] بڕوانە بۆ نموونە دیمانەی رۆژنامەی *رۆژنامە* لەگەڵ نووسەری ئەم وتارەدا دەربارەی هەندێ پرسی جۆراوجۆر کە لە ژمارەکانی ٥٩٥، ٥٩٦ و ٥٩٧ ئۆگۆستی ٢٠١٠ بڵاوبۆتەوە و هەروەها لە پێگەی *سبەی* لە ٢٤ی ئۆگۆستیدا بڵاوبۆتەوە.

سیاسیدا گرنگە کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە گوتار و شێوازی ڕێکخستن و هەڵسوکەتەکانیدا بکات. ئەوە ڕاستە کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا نەوەیەکی نوێی ناڕازی و بێزار (هەڵگەڕاوە لە مێژووی دوێنێ و تا سەر ئێسقانیش ناڕازی لە دەسەڵاتی ئەمڕۆ و تینوو بە دوارۆژێکی گەشتر) هەیە و کەرستەیەکی کۆمەڵاتی گرنگ و پڕ وزەیە، بەڵام ئەم ڕاستییە بەس نییە بۆ زامنبوونی سەرکەوتنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ: ئەم کەرستە کۆمەڵایەتییە پێویستی بە ڕێکخستن، ئاراستەکردن، گوتار و پەروەردەیەکی سیاسییانەیە. ئەم پەروەردەیەش لە پێش هەر شتێک، هەر وەک زۆر جار پێشتر جەختم لەسەر کردۆتەوە، ڕەوشەنکردن و بونیادنانێکی پەروەردەییە لەسەر سێ ئاست، تۆ بڵێ سێ قوڵ: ١- هەڵوەشاندنەوەی مێژوو؛ ٢- تێگەیشتنێکی نوێ لە ئێستا، هەر بونیادنراو لەسەر ئەم هەڵوەشاندنەوەیە؛ ٣- ڕوئیایەک (vision)ێک ڕوو لە داهاتوو... لە لایەکەوە ناتوانین ئەو ڕاستییە بە نادیدە بگرین کە بە تایبەتی سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ تا ڕەدەییەک کاری لەسەر ئەم سێ ڕەهەندە کردوە، لە لایەکی ترەوە ئەم کارە پێویستە ببێ بە تەواوی ستراتیژ و مێتۆدی کارکردنی بزووتنەوەکە بۆ ئەوەی بتوانێ دوارۆژێکی گەش و بەهێزی هەبێت؛ ٢) بە بڕوای خۆم ئەم جوڵانەوە نوێیەی کە دروست بووە، زیاد لە پێویست پۆپولیستە وە لە گوتارەکانیدا زۆر دوژمن بۆ خۆی دروست دەکات تا دۆست، بەو واتایەی کە ناتوانێت وەک پێویست دەست بە دۆستەکانەوە بگرێ؛ بێلایەنەکانیش پاڵ دەدات بۆ بەرەی دژ؛ وە دژەکانیش مکوڕتر و سوورتر دەکات لەسەر هەڵوێستی دژایەتییان بۆ جوڵانەوەکە! مەیدانی سیاسی باشووری کوردستان ئاڵۆزە و ستراتیژێکی وردی پێویستە لە کاری سیاسییدا، کە لە پیادەکردنیشیدا هەر بە وردی هەوڵی ئەوە بدات کە أ- دژەکان بێلایەن بکات یا هەر نەبێ بە گوتارەکەی توشی هیستیریایەکی ناپێویستیان نەکات؛ ب- بێلایەنەکان بکات بە دۆست؛ وە ٣- بە توندی دەستیش بە دۆستەکانیەوە بگرێ... گوتارێک کە هەموان بکات بە دژ ناتوانێت لەگەڵ ئەم مێتودە سێ ڕەهەندییە یەکانگیر بێت و ناشتوانێت سەرکەوتوو بێت! ٣) هەندێک جێگای سەرسوڕمانە کە هێزگەلێکی وەک کۆمەڵ و گۆڕان هەڵوێستێکی "ناتەندروست"، یا بە نەرمی بڵێین ناڕوون، لەم

جووڵانەوەیە هەیە، هەڵوێستێک کە زێتر لەسەر لۆژیکی نەخوێندنەوەی ئەویتر بونیاد نراوە. لەگەڵ ئەوەشی کە ئاسانە تێبگەین کە بەشێکی ئەم نەخوێندنەوەیە کاردانەوەیە لە گوتارێکی توند و کەمتر "عەقڵانی" جولانەوەی نەوەی نوێ، بەڵام ئەم بەهانەیە نابێت بەشی ئەوە بکات کە دوو هێزی وەک کۆمەڵ و گۆڕان هەڵوێستی نەخوێندنەوە بەرامبەر ئەم جوڵانەوەیە بگرنە بەر. ئەگەر گۆڕان و کۆمەڵ یا هەر هێزێکی تری چاکسازیخواز لەوە بترسێ کە نەوەی نوێ بەشێک لە دەنگەکانیان بۆ خۆیان دەبەن، ئەوا دەکرێ ئەم هێزانە ڕێکاری تر بگرنە بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەوەی ئەم جوڵانەوەیە دەنگێکی زۆری ئەم دوو هێزە نەبەن. واتە باشترین بژاردە ئەوەیە کە ئەم جوڵانەوەیە بخوێننەوە و وا هەڵسوکەوت نەکەن "وەک ئەوەی ئەم جوڵانەوەیە بوونی نییە". دواجار دەکرێ بپرسین ئایا دیمۆکراتیبوونی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە، واتە نەخوێندنەوەی ئەم جوڵانەوەیە، لە کوێی کەلتوری سیاسی دیمۆکراسیدا جێگای دەبێتەوە؟

### دەرەنجام

باشووری کوردستان لە دوای زەمینلەرزە سیاسییەکەی ریفراندۆم و دوای ئەو ریفراندۆمە کەوتە قۆناغێکی نوێوە، کە دەکرێ لە ڕەهەندی جودا جوداوە جۆرەها خوێندنەوە و ڕاڤەی بۆ بکرێ. شێوازی کارکردن لەگەڵ دەرهاوێشتەکانی ریفراندۆم و هەرەسەکەی ١٦ی ئۆکتوبەر، بە تایبەتی لەدەستدانی کەم یا زۆر نیوەی خاکی باشووری کوردستان و بەو پێیەش لەدەستدانی کەم یا زۆر نیوەی داهاتەکانی نەوت پێدراوێکی پڕ تەحەددا و پڕ کێشەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم ڕووداوانە دەرفەت و دەروازەیەکی بۆ ئەو هێزانە کردەوە کە بەردەوام ڕەخنەی جددییان لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هەبووە. بە واتایەکی تر خەریکە مەیدانی سیاسی باشووری کوردستان بەرەوڕووی ئەگەری گۆڕانکاری لە شێوازی فەرمانڕەوایی و پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا کردۆتەوە. ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە پێشەوەمانن دەکرێ هەندێک توخم و ڕەگەزی نوێ بخەنە سەر خەرمانی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە تایبەتی لەگەڵ وە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان

هاتنەکایەوە، وە ببێتە هۆی گۆڕانکارییێکی چەندایەتی لە هاوکێسەی سیاسی باشووری کوردستاندا...

دەکرێ هەڵبژاردنەکانی ئەم ساڵ (هەڵبەتە ئەگەر لە کاتی خۆیاندا بکرێن) دەکرێ ببێ بە مەیدانی یەکلاکردنەوەی زۆرێک لە ئەگەرە سیاسییەکان، لە پێش هەموشیانەوە ئەگەری ئەوەی کە بۆ یەکەم جار هێزە چاکسازیخواز و گۆڕانخوازەکان بتوانن دەسەڵاتی سیاسی دوای هەڵبژاردن بگرنە دەست، یا هەر نەبێ بۆ یەکەم جار ببن بە یاریکاری سەرەکی و بڕیاردە و هاوپشکی ڕاستەقینە لە دەسەڵاتی داهاتوودا.

لە کاتی بەیەکەوە گرێدانی هەر سێ هەڵبژاردنەکان (واتە هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوک) بۆمان دەردەکەوێ کە هەڵوێستە لە هەرسێ هەڵبژاردنەکان هەندی وردبوونەوەی زیاتری پێویستە بۆ ئەوەی هەم ئەزموونە "نیمچە دیمۆکراتیەکەی" و کلۆڵەی هەرێم بۆ پێشەوە و گەشەکردن تەکانێکی تەندروستی بەرکەوێ، بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد لە بەغدا پارێزراو بن بەڵام لە ڕۆشنایی و باڵادەستی شێوازێکی نوێی بیرکردنەوە و مێتودێکی جیاوازتری کارکردن. لەم پەیوەندییەدا، پێویستە حسێبێکی زۆر تایبەتی بۆ کەرکوک بکرێ وە کۆمەڵێک توخم و ڕەگەز لە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزدا بە یەکەوە ببینرێن وە هەوڵی ئەوە بدرێ کە دژایەتییە کوردی-کوردییەکان لە کەرکوک بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی ببینرێن و هەڵسەنگاندیان بۆ بکرێ.